کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:20 20-6-2007

**بەڵێ تاڤگە، ژنێکی بوێرە بۆیە پیاوەیە بەخیلی پێدەبا! ... دلاوەر عەزیز**

dlawar1968@yahoo. com

پێم سەیر بوو کاتێ نووسینەکەی (نەوزاد کوردی) یم خوێندەوە جا نازانم ئەم نەوزاد کوردییە ناوێکی خوازراوەو خەیاڵییە یان ناوێکە لە هەقیقەتدا هەیە (یاخوا ناوێکی راستەقینەی کەسێکی راستەقینە بێت) !!!ئەوەی زیاتر سەرەنجی منی راکێشا ئەم پیاوە بە نەفەسێك ووشەکانی ریز کردووە کە لە سەرەتادا تا کۆتایی یەك شت ئەگەیەنێ ئەویش ئەوەیە ئەم برادەرە بە کار و جموجۆڵ و چالاکیەکانی تاڤگە خان قەڵس بووە و وەك بڵێی بەخیلی بە ژنێکی چالاکی کورد دەبا کە لەبواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان رۆڵی بەرچاوی خۆی هەیە.... .... بە جۆرێك پێی ناخۆشە کە رۆژنامەنووسەکەش بە درۆزن تاوانبار دەکا... نازانم ئەگەر ئەم (کوردیە) تۆزێك لە عورفی رۆژنامەوانی بزانێ چۆن ئەم پیاوە بە درۆزن لە قەڵەم دەدا لە کاتێکدا ئەو تەنیا چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ تاڤگە خان کردووە وە قسەکانی گواستۆتەوە واتا هیچی قسەی خۆی نیە تا بڵێین (حمادە درۆزنە) بەڵام هەست ئەکەم ئەمە لە تاوی رق لێبوونەوەی زۆری نەوزاد کوردیە بۆ تاڤگە خان و لەم روانگەیەوە رقێکی کوێرانەی عەشایەری دژی تاگە هەڵدەرێژێ!.... .... جگە لەمەش (نەوزادکوردی) بە ئاراستەیەك نووسیویەتی بەلایەوە سەیرە تاڤگە خان لەسەر کارو چالاکیەکانی ژیانی کەوتبێتە خەتەرەوە!! وەاللە وەك ئەوە وایە کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگای سویدی (سویدیئەسڵ نەك وەکو نەوزاد) زۆر پێشکەتووتربێت! دیارە ئەمەش جێگەی پێکەنینە!!! بە هەرحاڵ هیوادارم تاڤگە خان بەم جۆرە نووسینانە لە چالاکیەکانی سارد نەبێتەوەو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.